# ئایا چەند ساڵە زیندانیکردنی شۆڕەژن (لەیلا زانا و هەڤاڵەکانی) بۆ یەکێتیی ئەوروپا و بە تایبەت ڕێکخراوانی ژنان شەرمەزاری نییە؟

سیروان کاروانی

بێگومان وڵاتانی ناو یەکێتییەکەی ئەوروپا و هەموو وڵاتە ڕۆژئاواییەکان بە گشتی بە پێی بەرنامە دارێژراوەکانیان سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ و بە تایبەتی مافی ژنان لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی ئەمڕۆدا، زۆر هەنگاوی بەرچاو و یاساییان ناوە کە هێندێک جار بووەتە هۆی ئەوەی ژنان لە سایەیاندا بحەسێنەوە. لە خاڵەکانی دەربارەی مافە مرۆڤایەتییەکان کە ڕۆژانە لە میدیاکاندا مشتومڕیان لەسەر دەکرێ و زۆر جاریش لە خستنە ڕووی هەردوو دیویان سەبارەت بە کەموکوڕییان دەبنە هۆی ناڕەزاییی خەڵک لە ڕێگای خۆپێشاندان و مانگرتن و شێوازی ترەوە و، لەو کاتانەشدا بە زەبری ئیرادەی خەڵک برێک گۆڕانکارییان بەسەردا دێ. لەو پەڕەگرافانەدا هاتووە کە دەبێ مافەکانی ژنان لە کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکاندا بپارێزرێ و داکۆکی لە بۆچوونەکانیان بکرێ بەو واتایەی ئەوانیش ئازادانە بیر بکەنەوە و دەنگیان ببیسرێ. دیارە بۆ چەسپاندنی ئەو خاڵانەش بە شێوەیەکی ڕێک، نابێ بە هیچ جۆرێک لەسەر ڕادەربڕین لەسەر بنەماکانی مافی ژنان و بۆچوونەکانی تر کە لە چوارچێوەی یاسادا نەیەنە دەر ئەو مافەیان لێ داگیر بکرێ و هەر لەو پێناوەشدا بەرەو ڕووی زیندانەکان ببنەوە.

ساڵانێکی زۆرە هەر لە پاش هەرەسی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانلییەوە کە بۆ ٨٦ ساڵ دەچێ تورکیا خۆی لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان ئێجگار زۆر نزیک کردۆتەوە و لە هەڵسوکەوتیشدا خۆی بە لایەنێک لەو بەرە پێشکەوتنخوازە دەزانێ و جاروباریش وشەی دیمۆکراتیی لێ دەکەوێتەوە. لە ناوخۆشدا ئەو ڕەفتارانەی ئەو وەکوو دەوڵەتێک لەگەڵ مرۆڤەکان و بە تایبەتی گەلی کورددا پەیڕەوی دەکات لەگەڵ هیچ کام لە بەندەکانی ناو سیستەمی یەکێتیی ئەوروپا یەک ناگرنەوە.

ئەوەی جێگای سەرنجە یەکێتیی ئەوروپا لەسەر ئاستی بەرزی بڕیارەکانیاندا جاروبار ورتەیەکی کەمیان لێوە دێتە دەرێ کە دەوروبەرەکەی خۆشیان بە تەواوی نایبیسێ. لێرەدا بە ئاسانی دەردەکەوێ ئەو بەندانەی لە لایەن ئەو یەکێتییەوە دارێژراون لە هێندێک حاڵەتدا کاریان پێ دەکرێ و لە هێندێک حاڵەتیشدا دەمرێنرێن.

چەندین ساڵە شۆڕەژنێکی بەجەرگی وەکوو لەیلا زانا و هەڤاڵەکانی لە زیندانە ڕەشەکانی تورکیادا گەڵای تەمەنیان هەڵدەوەرێ. ئەو مرۆڤانە نە شەڕێکی چەکدارانەیان دەست پێ کردووە و نە پەیوولەیەکیان لە ئاو کردووە و نە لە کاری سیاسیشیاندا تورکیا بیانوویەکی ئەوتۆی بەدەستەوەیە جگە لە حوکمی سەربازیی خۆی بتوانێ دەوروبەرەکەی پێ قایل بکات.

بۆ یەکێتیی ئەوروپا و بە تایبەتی ئەو هەموو ڕێکخراوانەی ژنان شەرمەزارییەکی گەورەیە کە ئەو هەموو کۆمپانیا و کارگانەیان لەگەڵ تورکیادا دامەزراندووە و پەرە بە لایەنە ئابوورییەکەی دەدەن و لە هەوڵی ئەوەشن ئەو وڵاتە بە تەواوی لە یەکێتییەکەدا بەشدار بکەن، کەچی سەرەڕای ئەوەش لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا نەیانتوانیوە کارێکی وا بکەنە سەر ئەو ڕژێمە یەک لە دوای یەکانەی تورکیا و لەیلا و هەڤاڵەکانی پێ ئازاد بکەن و کۆتایی بەو ژیانە تاریکە بهێنن.

نەبوونی هەوڵێکی بەکار، بە پلەی یەکەم بۆ ئەو میرییانە دەگەڕێتەوە لەناو دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکاندا لەسەر کارن کە لە هەر وڵاتێکدا چەندین ڕێکخراو و کۆمەڵەی ژنان هەن بە بوونی ئابوورییەکی باشەوە و هێندێک جار بە شێوەیەکی بەرچاو لەسەر بۆ نموونە تەسلیمە نەسرین و ژنانی تری نێو کۆمەڵگە

دواکەوتووەکان هەڵیان داوە و توانیویانە قورساییی خۆیان وەدەر بخەن، کەچی لەسەر ژنێکی وەکوو لەیلا زانا بەو شێوەیە دەستەوەستانن.

ئەگەر هەموو شتێکی تر بخرێتە لاوە، ئەوا لەیلا وەکوو ژنێک چەندین ساڵە جیهانی بووەتە ئەو ژووورە ڕەشەی ڕژێمی تورکیا بە تۆمەتی دوور لە ڕاستی و بە زۆر تێی خزاندووە و بەسەریدا سەپاندووە و لە جیهانی دەرەوەی بێبەش کردووە. لەیلا زانا ئەو ژنە ڕووناکبیرەیە کە جگە لەوەی لەناو خەڵکەکەیدا خۆشەویست و دڵارا بوو، بەڵکوو لە بواری ڕاهێنان و پەروەردەشدا زۆر خزمەتی بە کۆمەڵگەکەیی و مرۆڤایەتی کردووە. ئایا بە زیندانیبوون و لە جیهانکردنی ژنێکی ئاوا، چ سوودێک بە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و بە تایبەتیش ژنان دەگات؟

داوا لە سەرجەم لایەنە مرۆڤایەتییەکان و بە تایبەتی ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانی ژنان لە سەرانسەری جیهاندا دەکەم:

هەرچی زووە ئازادی بۆ شۆڕەژن لەیلا زانا و هەڤاڵەکانی بێننە دی و زیندانە تاریکەکانی تورکیا و هەموو ڕژێمێکی تری دژ بە مرۆڤایەتیی لەو شێوەیەش هەر بەشی مارومووور بێ

١٣. ٠٧. ٢٠٠٣

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت